حەسەن نەسرولڵا: ئەوەی لە حەوتی تشرینی یەکەمدا ڕوویدا بووە هۆی بوومەلەرزەی ترس لە ئیسرائیل

لە پەیامەکی ڤیدیۆیی تۆمارکراودا، ئەمینداری گشتی حیزبولڵای لوبنانی، حەسەن نەسرولڵا ئەمڕۆ هەینی (3ـی تشرینی دووەمی 2023) سەبارەت بە شەڕی ئیسرائیل و حەماس وتی: "ئەوەی لە حەوتی تشرینی یەکەمدا ڕوویدا بووە هۆی بوومەلەرزەیەکی ئەمنی و سەربازی و سیاسی و دەروونی لەسەر ئاستی قەوارەی ئیسرائیل"، نەسرولڵا دووپاتکردەوە کە "کۆماری ئیسلامی ئێران بە ئاشکرا پشتیوانی لە بزووتنەوەکانی (مقاوەمە - بەرخۆدان) لە فەڵەستین و ناوچەکە دەکات و بەبێ هیچ ترس و سازش لە هەر لایەنێک".